جولەکە دەیانووت: ئەگەر لە پاشەوە جیماعی لەگەڵدا بکات؛ منداڵەکە خێل دەردەچێت، بۆیە ئەم ئایەتە دابەزی: {نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ}

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «جولەکە دەیانووت: ئەگەر لە پاشەوە جیماعی لەگەڵدا بکات؛ منداڵەکە خێل دەردەچێت، بۆیە ئەم ئایەتە دابەزی: {نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ} [البقرة: 223] واتە: {ژنەکانتان کێڵگەی خۆتانن جا تۆوەکانتان بوەشێننە ناو کێڵگەکانتانەوە (مەبەست چوونە لایانە) بەهەرشێوەیەک دەتانەوێت (لەشوێنی تایبەتی خۆی کە پێشەوەیە نەک پاشەوە)}».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

جولەکە شێوازی جیماع کردنیان سنووردار کردبوو، بە بێ هیچ زانستێک، وئەوس وخەزرەج قسە وحاڵەتەکانی ئەوانیان وەردەگرت وکردەوەیان پێدەکرد؛ چونکە خاوەن کتێبن -ئەهلی کیتابن-، ولە ڕیزی ئەو بانگەشە هەڵە وپوچەڵەیان ئەوە بوو دەیانووت: ئەگەر پیاو لە پاشەوە لەگەڵ ژنەکەی جووت بێت -واتە ئەندامی زاوزێی نێرینە بگات بە ئەندامی زاوزێی مێینە لەکاتێکدا پیاوەکە لە پشتی ژنەکەوە بێت- ؛ ئەگەر قەدەر وابێت منداڵێک ببێت پەهۆی ئەم جووتبوونەوە منداڵەکە خێل دەردەچێت، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتە دابەزی: {نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ} [البقرة: 223] واتە: {ژنەکانتان کێڵگەی خۆتانن جا تۆوەکانتان بوەشێننە ناو کێڵگەکانتانەوە (مەبەست چوونە لایانە) بەهەرشێوەیەک دەتانەوێت (لەشوێنی تایبەتی خۆی کە پێشەوەیە نەک پاشەوە)}، ئەمە بە درۆخستنەوەی بانگەشە پوچەڵەکەیانە، ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە خوای گەورە جووتبوونی حەڵاڵ کردووە بە مەرجێک لە پێشەوە بێت؛ واتا ئەندامی زاوزێ پیاوەکە بە ئەندامی زاوزێی ئافرەتەکەی بگات ئەگەر جووتبوونەکە بەهەر شێوەیەک بێت؛ چونکە هەروەکو ئاشکرایە چوونە لای ئافرەت لە پاشەوە -کۆمیەوە- حەرامە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58097